
# مرۆڤی ئارەزوو

## لەنێوان (زێدەئەرێنی) و (زێدەنەرێنی)دا

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**



٢٦ی شوباتی ٢٠٢٦ وتار

**(1)**

**(ژیان کورتە)**

**مرۆڤ دوژمنی ڕاستییە، نەك درۆكان**

مەرگەسات لە کورتی ژیاندا نییە، بەڵکە لە پرۆسیسەنەکردنی هونەری پێکەوەژیان و هاوگونجاندایە؛ هونەری پێکەوەژیان و هاوگونجان لە جیاوازی، پێش یەکسانیدایە؛ لە دووبارەبوونەوە، بەبێ هاوشێوەیی؛ لە بەردەوامی گۆڕان و سەیرووره و لە بیرکردنەوە لەنێو

ژیاندا، لە هونەری دژایەتی نوێنەرایەتیکردندایە. گرنگ ئەوە نییە کە گوتەزای ژیان کورتە بۆ (سێنێکا) و ژیان کورتە هونەر درێژە بۆ(هیپۆکرات) یان ڕەگ و ڕیشەی ئەو بیرۆکەیە لە فەلسەفەی کۆندا بدۆزینەوە، گرنگ ئەوەیە کە هیچ شتێک لە دەرەوەی مرۆڤدا نییە، لە دەرەوەی پرۆسیسەکردنی هونەری پێکەوەژیان و هاوگونجاندا نییە. مرۆڤ هەمان ئەو بوونەیە کە هەموو شتێک لەناویدایە، بەڵام تێگەیشتن بەپێی پێویستییەکانە نەک شکاندنیان؛ ژیان کورتە، بەڵام جوانی مانای قووڵی هەیە!

ژیان هەموو بوونە، بەشێکە لە ئاشکرایی خۆمان، هەستی پڕ سۆزی مرۆڤانەیە لە بوون بە بوون. ناشێ بەبێ مرۆڤ ژیان هەبێت، ژیان جووڵەی جوانی و پرۆسەی خۆبوونەوەی مرۆڤە. ژیان کورتە ساتەوەختێکی هونەرییە، ڕەگەتۆڕ(ڕیزۆم)ە هەوڵ دەدات (مرۆڤی ئارەزوو) بۆ ئەزموونکردنی بەرزترین ئاستی تاسەکردن بەرێت؛ هەموو شتێك شی بکاتەوە: چێژ، کار، بەکاربردن، پەیوەندییەکان، هونەر، تەنانەت ئازار و ناخۆشی.

ئێمە کاتێک ئارەزوو دەکەین، ئارەزووی شتانێک ناکەین هەمانن، بەڵکە ئارەزووی شتێک دەکەین کە نیمانە! لێرەدا چرکەساتی تاسەی ژیان کورتە، ڕەگەتۆڕێکی پەرش و بڵاوە و بەپێچەوانەی درەخت پنتێکی دیاریکراوی نییە، بەو مانایە نییە کە مرۆڤ بە بوون قایلە یان قایل نییە؛ بەڵکە هەوڵ دەدات تاسەی ئەگەری کراوەی ژیان چڕ بکاتەوە، واتە دیارینەکردنی ئەزموونەکان و بەرزکردنەوەی چڕیی ئەگەرە جیاوازەکان، تاوەکوو ژیان بۆ هەستکردن بە جوانیی ژیان بێ! لێرەوە پرسیار ئەوەیە ئایا پەیوەندیی ڕەگەتۆڕی (دۆلۆزی و فیلێکس گواتاریی) سەرچاوەی ئازارە یان چارە؟! دۆلۆز لە گفتوگۆ لەگەڵ ئارنو ڤیللانی دەڵێت: من بێز لە هەموو گلەیی و گازاندەیەک لە ژیان دەکەمەوە، بێز لە هەموو کولتوورێکی تراژیدی، واتە بێز لە هەموو دەروونپەرێشییەک دەکەمەوە.

## بەشانۆکردنی ناتەواوی

وەك چۆن مرۆڤی دیجیتاڵی چەمکی (چڕکردنەوە)ی ژیان (زێدەژیان) و (ئەرێنی) وەك پرۆژەیەک لە کاتدا دروست دەکاتەوە؛ مرۆڤی ئارەزووش ئەگەرەکانی خۆبوون و داهێنان و کرانەوە لە جیاوازی، پێش یەکسانی دروست دەکاتەوە. ئەگەر پێ لە ڕەسەنایەتیی چەمکی ئەگەرە

جیاوازەکان سەبارەت بە مرۆڤی ئارەزوو و مرۆڤی دیجیتاڵی بنێین، یاخود پێی لێ نەنێین، ناچارین ددان بەوەدا بنێین کە هەمیشە ئەگەرە جیاوازەکانی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی و ئەگەرە جیاوازەکانی خۆبوون و داهێنان، کۆمەڵێ ئەگەری پەیوەست و کراوەن؛ ئەوەش یەکەمین ڕاستیی بەڵگەنەویستە، ڕاستییەک کە کاریگەریی دڵنیایی (کۆجیتۆی درەخت)ی دیکارتی بەرانبەر (ڕەگەتۆڕی دۆلۆزی و گواتاریی) پووچەڵ دەکاتەوە و جەوهەری مرۆڤی بوێری دیجیتاڵی و مرۆڤی سەرکێشی داهێنەر، لە دابڕانە مەعریفییە جیاوازەکانی (ئامرازی کات و ترێند/ کردەی کات و داهێنان)ەوە دەدۆزێتەوە؛ بەو مانایەش هێشتنەوەی ئارەزووەکان، دەرکەوتنی ئارەزووەکان چیدیکە تەنها لەڕێگای بەشانۆکردنیان لەشێوەی خەون یاخود خەیاڵ یاخود ئەفسانە و ... هتددا نییە، بەڵکە ساتەوەختێکی سەرکێشانەی سەیروورەی داهێنان و بوێرانەی دووبارەکردنەوەی ترێندی تەکنۆلۆژیایە، دەتوانرێت سەیروورەی داهێنان و دووبارەکردنەوەی ترێندی دیجیتاڵی لە هونەری جوانیدا گوزارشتیان لێ بکرێت!

چیدی ئارەزووە چەپێنراوەکان، لە خەونی فرۆیدی بەدی ناهێنرێت؛ بەو مانایەش هەر لە فرۆیدەوە تا لاکان (کە تیۆرییەکی تایبەتمەندی دارشت) تا میلانی کلاین، کە تێکڕایی بەشدارییەکانیان پەیوەستە بە چەمکی ئارەزووەوە، لە تامەزرۆییەک بۆ دەستلەملانێی تاریکیی لەگەڵ جەستەی دایکدا زیاتر نین، زیاتریش نابینن. بڕوانە کتێبی: ئارەزوو و فەلسەفە- سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەی دۆلۆز و گواتاری- نووسینی: محەمەد ئایت حەننا، وەرگێڕانی: سامان عەلی، پێداچوونەوەی: شوان ئەحمەد. لێرەوە دۆلۆز دەڵێ جێی خۆیەتی ئەوە وەبیربهێنینەوە کە دۆزینەوەی نەست لای فرۆید، پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی بە پرسی شانۆ و پرسی بوونی سەکۆکەی ترەوە هەبووە، ئەو سەکۆیەی کە دەروونشیکاری ئەرکی پەیبردن بە ڕاز و نهێنییەکانی و دەرخستنی ئەوەی کە لە سەری دەستنیشان دەبێت، لە ئەستۆی خۆی گرت. وەك چۆن لە تەکنۆلۆژیا و دووبارەکردنەوە ترێندی دیجیتاڵدا دەشێ بڵێین ئەرکی پەیبردن بە خێراترین و زۆرترین زانیاریی ئەرێنی و جوانی و نەرمی هەستبزوێن، جگە لە زۆرترین بڵاوبوونەوە هیچیتر نین.

داهێنان و سەیروورە، ئەو نەستەی دۆلۆز و گواتاری دایانڕشتووە، (بوون بە) و نەستێکی بەرهەمهێنە... دووبارە سەبارەت بە ئەگەرە جیاواز و کراوەکانی ژیان کورتە و هونەر درێژە، کتێبە بەناوبانگەکەی (تریستان غارسیا -الحیاة المکثفة- ترجمة: صلاح بن عیاد) ڕۆناکی

دەخاتە سەر بەشێك لەو چەمكانەی کە تێیدا ژیان دەبێتە پێشبڕکێیەکی خێرا بەرەو ئەزموون و هەست و سۆزی زێتر و زێتر و ئەگەری دیکەی کراوە و جیاواز، بەڵام پێش یەکسانی و دووبارەبوونەوەی هاوشێوە (کۆپیکردنەوە) و زانیاریی کۆکراوە و کۆگاکراو.

لەو کتێبەدا تریستان گارسیا (چڕکردنەوە) بە ئارەزووی بەهێزتر و پڕترکردنی ئەزموون پێناسە دەکات، چونکە ئامانج تەنها ژیانکردن نییە، بەڵکە زێدەژیانە، ژیانێکی جوانتر، دووبارەبوونەوە بەبێ هاوشێوەیی. هەموو ئەو چەمکانە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە گەڕان بەدوای واتادا بۆ گەڕان بەدوای چڕیدا دەگۆڕێت! بۆیە ئەمڕۆ مرۆڤی مۆدێرن سەرکێش و بوێرانەتر ئایدیاکانی خۆی لەبارەی زێدەییەکان و بەکاربردن و ئەرێنی و... لەبارەی خەمی کات و جوانی و ئەزموون و نەرێنی دەردەبڕێت.

کەواتە ژیان کورتە، پەیوەندی بە خێراتربوونی کاتی گۆڕانکارییەکانی سەردەمەوە هەیە: تەکنۆلۆژیا، ڕاگەیاندن، و شێوازەکانی بەکاربردن و زێدەییەکان. هەموو ئەوانە ژیانێکی خێرا بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنن و پاڵی پێوە دەنێن بۆ ئەزموونکردنی زۆرترین ژمارەی ساتەکان. بەم شێوەیە ژیان دەبێتە کۆکردنەوەی ئەزموونە سەرکێشەکانی هونەری جوانیی داهێنان و کۆکردنەوەی خێرای بوێرییەکانی هونەری جوانیی هاشتاگ و ترێند... لەوەی بونیادێکی یەکگرتوو بێت بۆ ناسنامە. بە کورتی ژیان دەبێتە کۆکردنەوەی زێدەییەکان. هەمیشە مرۆڤ دوژمنی ڕاستییە نەك درۆکان! ژیان کورتە، ناچارنین لە درۆکاندا بمرن؛ کات کورتە، پێویستە بە هۆشیارییەوە بژیین.

### شتێک کە نەمکوژی بەهێزترم دەکات. (نیچە)

نەست ماشێنی ئارەزووە، ماشێنێکە لەڕێگای دروستکردنی بڕێک ڕێکخستن و ڕیزبەندیی دیاریکراو لەگەڵ هەندێک ماشێنی تردا ئارەزوو بەرهەم دەهێنێت (ڕەنگە من و ئەندامەکانی جەستەی من لە پشتەوە بە نهێنی ڕێك بکەوین.) کەواتە ئەگەرەکان بەرمەبنای میتۆدێکی جیاواز دادەمەزرێن کە میتۆدی (نەخشە)یە، لەنێوان نەخشە و ڕەگەتۆڕدا، بڕێک پەیوەندیی دۆستانە هەن، چونکە نەخشە هەموو نموونە یاخود شێوەیەکی ئامادە ڕەت دەکاتەوە کە کۆپی دەکرێت و بە چەشنێکی ناکۆتا بەرهەم دەهێنێتەوە. ڕەنگە پەیوەندیی دۆستانەی

نەخشە و ڕەگەتۆڕ هەمان دۆستایەتیی بێت کە (کۆپی) و (درەخت) پێکەوە کۆ دەکاتەوە. ئەمەش لەو ڕووەوە کە هەمیشە (کۆپی) وەك (درەخت) بۆ یەک ڕەگمان دەگەڕێنێتەوە، ئەو شیزۆشیکارییە دۆلۆزییە وشەکانی: هەماهەنگکردن، ڕێکخستن، ڕەگەتۆڕ، نەخشە، جۆگەی دەربازبوون، تەنها وەك شییان و توانای واتا و بۆشایی نیشان نادەن؛ بەڵکە وەك کۆمەڵێ ئەگەری جیاواز و کراوە نیشانیان دەدەن کە دەشێ هەر کەسە بە بونیادی تایبەتی خۆی پڕی بکاتەوە.

(شتێک کە نەمکوژی بەهێزترم دەکات) ئەو چڕکردنەوەیە، ئەو دژایەتی نوێنەرایەتیکردنە هەستێکی ئازادی و کرانەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەڵام وابەستەییەکی شاراوەش دروست دەکات: تاک هەمیشە داوای لێ دەکرێت کە بە شێوەیەکی (زێتر) بژی، وەک ئەوەی ئارامی و هێواشی بەهاکانیان لەدەست دابێت. لێرەدا ناکۆکییەک دەردەکەوێت: زێدەئازادی دەگۆڕێت بۆ گوشارێکی قورس، ئەو گوشارەی کە نیچە لەبارەیانەوە دەڵێ مایەی ناسینی خودن. بە مانایەکی دیکە ئەگەرچی چەمکی (شیزۆشیکاریی دۆلۆزی) بە گەرمی پێشوازی لە ئەزموونی شیزۆفرینی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوزارشت لە خواستێکی ئانارشیستانەی هاوشێوەی ئەو خواستانە ناکات کە بانگەشە و داوای شکاندنی هەموو ڕێساکان و چوونە ئامێزی ئەزموونی دێوانەیین.

کەواتە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە زیندوویی بمێنیتەوە زێدەییەکان و فشار گرنگە... فرۆید و برۆیەر بۆ چارەسەری نەخۆشەکانیان هەوڵی ئەوەیاندەدا کە فشاری سەر نەخۆشەکان لەڕێگای (خەوتنی موگناتیسی) یان (بەقسەهێنانی ئازاد) کەم بکەنەوە. بەڵام نیچە بۆ بەردەوامی گۆڕان و سەیرورە پێچەوانەکەی بەرجەستە کرد؛ سەیروورەی داهێنان بە زێدەییەکان ناپێورێت، بە گۆڕانی فشارەکانەوە بەندە.

## چڕکردنەوەی هەستەکان

زێدەییەکان، فشارەکان فەرمانڕەوایی مرۆڤ دەکەن، یان پیری شێتی دەکات؟! لەگەڵ هەموو ئەوانەدا لە کۆتاییدا مرۆڤ عەشقی حەز و ئارەزووەکانی خۆیەتی، حەز و ئارەزوویەك کە بەدەستی نەهێناوە، بۆیە بیر لە زێدەییەکان، چڕکردنەوەی هەستەکان و فشارەکان، بیر لە

زێدەخۆشەویستی بۆ ئازار دەکاتەوە، بیر لە هاورێیەتی ڤیساگۆرسی دەکاتەوە، چونکە عەشقی حەز و ئارەزووە بەدینەهاتووەکانی خۆیەتی، بەدوای هارمۆنییەتی ژیانەوەیە.

بیر لە هاورێیەتی ڤیساگۆرسی لە یەکبوونی رۆح و هاوسەنگی و هاوبەشبوون دەکاتەوە، یان پەیوەندییەکی چڕ و کراوە و جیاواز، هاوسەنگی ئارەزووەکانی، هاوسەنگی بەختیاری و ئازادی، پیری و زێدەژیان، هاوسەنگی ڕابردوو- زەمەنێ کە نابێ لێی دوور بین و زەمەنێك کە لە ئازیزترین کەسەکانی خۆمان ڕادەکەین. هەموو ئەوانە دەشێ دۆزینەوەی بوارێک بێ لە لۆژیکێکی کراوە، لۆژیکی چڕکردنەوەی هەستەکان، لۆژیکی دژایەتی نوێنەرایەتیکردن، هەست و سۆزە مرۆییە سەرەکییەکان: هاوژیانی و یەکتر قبوولکردن و جیاوازی و خۆشەویستی، چڕکردنەوەی هەستەکان چیتر تەنها پەیوەندییە سنووردارەکان نین، بەڵکە تاقیکردنەوەی ئەگەرە کراوەکانی ژیان لووتکەی جوانیی ژیانە. ژیان کورتە، هەمیشە مرۆڤ لە سەرکێشی و بوێرییەکی بەردەوامدا دەهێڵێتەوە، چونکە ناتوانێت لە دەرەوەی ماشێنەکانی ئارەزوو/ ماشێنە بەرهەمهێنەکان بە درەختی دیکارتی و ڕەگەتۆڕی دۆلۆزی و گواتاریی و بنبەستبوونی میتافیزیکی یان ساویلکەیی قایل بین.

کەواتە ژیان داهێنانی جوانییە، چیدیکە نە مرۆڤ و نە سروشت ماوە؛ بەڵکە تەنها ڕەوتێک ماوە یەکێکیان لەناو ئەوی تریاندا جوانی بەرهەم دەهێنێتەوە و ماشێنەکانیان ئاوێتە دەکات. لە ڕاستیدا ژیان تەنها وەکوو ڕەوتێکی بەرهەمهێنان واتە: بەرهەمهێنان/دابەشکردن/بەکاربردن دەگوزەرێت. تریستان گارسیا لە کتێبەکەیدا (ژیانی چڕ: خەمی مرۆڤی مۆدێرن) پرسیارێکی بوونیی قووڵ دەوروژێنێت: ئایا مرۆڤ دەتوانێت لەم خەمە ڕزگاری بێت بەبێ ئەوەی هەست بە بەتاڵی و تەنیایی بکات؟!

ژیان کورتە، ڕستەیەکی چڕە لە هونەرەکەی هیپۆکراتدا زێدەییەکان دەگرێ. دیارترین تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی مۆدێرن هونەری جوانی و جوانیی هونەرییە. بەو مانایەی کە خەمی چڕکردنەوەی بوون و ئەزموونکردنی داهێنان بەرزترین ئاستی ژیان دەنەخشێنێت؛ وەك چۆن ناکۆکییەکی سەرەکی دەوروژێنێت: زێدەییەکان، بەکاربردن، ئەرێنی و ژیانی بێ حەسانەوە... ژیان کورتە، ڕێگا بۆ پرسیارکردنی هونەری جۆراوجۆر دەخاتەڕوو، لەوانەش: ئایا مرۆڤ دەتوانێت هاوسەنگییەک لەنێوان دەوڵەمەندیی ئەزموون و ئارامیی بووندا بدۆزێتەوە؟.

## (2)

## ترێند/ داهێنان

## (پێشکەوتن، لە سەرکێشی و بوێریدایە)

(ترێند) توانا و جووڵەی گشتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت، یان سەرگەرمی و تێڕوانینی هاوبەشی نێو کۆمەڵگا، وەک فۆرمێك لە فۆرمەکانی ئازادی بەرز دەنرخێنێ. خێرایی و دووبارەبوونەوەی ترێند لەلایەك زمان و ئازادی وەک بەرپرسیارییەتی و بوێری بەرجەستە دەکات، لەلایەکی دیکە جیاوازی زمانیی داهێنانی تاکی سەرکێش پەردەپۆش دەکات؟!.

بۆ بەدواداچوونی توانای ترێند کە بوێری لەخۆدا هەڵگرتووە و سەرکێشی داهێنان کە چەمکی دەستپێشخەری دەنوێنێ، هەوڵ دەدەم خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ زمان لەڕێگای (ئازادی/ بەرپرسیارییەتی) و (ئازادی/ داهێنان) بکەم و خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ (جیاوازیی زمانی تاکی سەرکێش) بکەم و لەڕێگای چەمکی جیاوازییەوە بڵێم: ئەگەرچی لەڕوویەك لەڕووەکان چیرۆکی بەرپرسیارییەتی سەردەم و خێرایی و دووبارەبوونەوەی ترێند (وەک هاوبەشی پێویستی کۆمەڵگا و توانای بوێری و هێزی میدیا و هەست و ئارەزووی مرۆڤ لە کاتە دیاریکراوەکاندا) زمانی هاوبەشی سەردەم دەپارێزێت؛ لەڕوویەکی دیکەوە (وەک یەکێک لە گرنگترین و قووڵترین پانتاییەکانی ئازادی کە هۆشیاریی ڕەخنەیی زمانی تاکی سەرکێش و دەستپێشخەری هەڵگرتووە و کاریگەریی قووڵی لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە) جیاوازیی داهێنان پەراوێز دەخات!.

بە کورتی (خێراییی ترێند) بە قووڵی بیر لە سەرکێشی و هەنگاوهەڵگرتن و سەیروورەی گۆڕانکارییەکان ناکاتەوە، بەقەد ئەوەی بیر لە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی (ترسی لەدەستچوون) دەکات؛ بەقەد ئەوەی هەوڵی سەرگەرمی کاتی دەدات، ڕاکێشانی سەرنجی گشتی (چیرۆکی بەرپرسیارێتی) وەک هێزی میدیا و تەکنۆلۆژیا لە بازاڕی ئەخلاقدا چەشنی (داهێنان) برەو پێ بدات؛ بەڵام لەبەرانبەردا (هەنگاو هەڵگرتن بەرەو داهێنان) لەگەڵ گرفتە ناکۆتاییەکانی (ئازادی و جیاوازی و زمان)دا دەژی و بە قووڵی بیر لە سەیروورە و گۆڕان دەکاتەوە.

کەواتە زمانی داهێنان (وەک کردە) و بەکارهێنانی ترێند (وەک ئامراز)، یان لە خاڵی جیاوازیی نێوان سەرکێشی و بوێریدا دەشێ (ئازادیی زمانی جیاواز و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو داهێنان) کۆی ئەو ڕوونکردنەوە و ڕێکخستنە نمایشخوازانەی ترێند و سەرگەرمی تێپەڕێنێ... چونکە هەمیشە داهێنان و جیاوازی شێوازێکی نوێ بۆ کردەی ئازادیی زمان دەدۆزێتەوە، بەبێ ئەوەی پشت بە شێوەخوازی ڕاکێشانی سەرنجی گشتی و هاوبەشیکردن، هێزی سەرگەرمی، لایک، کۆمێنت ببەستبێت. وەک چۆن (خێرایی و توانای ترێند و ئامرازی تەکنۆلۆژی) شێوازێکی نوێ بۆ خۆنمایشکردن و چیرۆکی بەرپرسیارێتی وەک دەرئەنجامی هاوبەشی پێویستی کۆمەڵگا، هێزی میدیا و هەست و ئارەزووی مرۆڤ لە کاتێکی دیاریکراودا دەدۆزێتەوە!.

هەڵبەتە گرفتە ناکۆتاییەکانی ئازادی زمان، لە بوێری و سەرکێشی ترێند و داهێنانەوەیە؛ بەڵام یەکێک لە بنەڕەتترین سەرکێشییەکانی ئازادیی زمان جیاوازییە، نەك چیرۆکی بەرپرسیارێتی؛ جیاوازی هەمیشە تێگەیشتنێکی نوێیە بۆ دیتنی گرفتە ناکۆتاییەکانی تاك و زمان. بەو مانایە داهێنان تەنها کۆمەڵێک فۆرمی خێرا و کاتی بڵاوبوونەوەی سەردەم نییە، وەک چۆن زمان تەنها کۆمەڵێک وشە یان دەق نییە کە واتایەکی بەرپرسیارانە و ڕێکخراوی ترێندخوازی هەبێت؛ بەڵکە داهێنانی زمانی تاکی سەرکێش، گەڕانەوەیە بۆ ئازادی ئازادی... ئازادیی داهێنان جیاوازییە. بوێری و سەرکێشی زمانی داهێنانە و یەکێك لە ڕەگەزەکانی ئازادیی بوێری و سەرکێشی زمانە، بەو مانایە پێشکەوتنی زمان هەم ناوەکییە و هەم دەرەکییە!.

بەڵام بڵاوبوونەوە و دووبارەبوونەوەی ترێند درووستکراوی تاک نییە؛ بەڵکە لە هێزی هاوبەشی کۆمەڵگا و میدیا و تەکنۆلۆژیای سەردەمدایە... هەموو ئەم تێگەیشتنە جیاوازانەش لەو بیرکردنەوانەن کە توانای ترێند (خێرایی بڵاوبوونەوە) و مێژووی زمان (بەردەوامی) وەک (ئارەزووی پێشکەوتن) پرۆسیسەی دەکەن؛ بەڵام هەمیشە (جیاوازیی زمانی تاکی داهێنەر) دەیەوێت بیرۆکەی ترێندی تەکنۆلۆژی و بیرۆکەی بەردەوامی مێژوویی لە سەیرووڕەدا تێپەڕێنێ؛ دەیەوێت لەجیاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی لەدەستچوون و لەجیاتی چیرۆکی بەرپرسیاریەتی، هەمیشە (قووڵی مەعریفی) و (دابڕانی مێژوویی) پەرە پێ بدات.

بەمجۆرە (جیاوازیی زمانی تاکی سەرکێش) لەڕووی ڕەخنەییەوە توانیوەتی مێژووی زمان لە چوارچێوەی مێتۆدەکانی بەردەوامی و بەرپرسیاریەتیی ئاڕاستەکراو و دووبارەبوونەوە ڕزگار بکات؛ جیاوازیی زمانی تاکی داهێنەر هەمیشە بەدوای بوێری- سەرکێشی و ئازادییەکانی

داهێنان و سەیروورەی مەعریفەی جیاوازەوەیە؛ هەمیشە لە وێنە باوەکە و خێرایی بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆژی سەردەم، دوور دەکەوێتەوە. جیاوازیی داهێنان بەجێی ئەوەی پێشنیاری بەرپرسیاریەتی و نمایشخوازی بکات، پێی وایە دەبێ دەق و زمان لەسەر ئازادیی جیاوازییەکان و سەرکێشی تاک و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو داهێنان ڕابێتەوە، هەمیشە خۆی پێوەری ساتەوەختی جیاوازیی خۆی بێت، نەک وەک ئاوێنە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی چەپێنراوی زمان و چەپێنراوی ناوەوەی تاک بێت، نەك خۆی لە پێویستی کۆمەڵایەتی و هێزی میدیا و سەرگەرمی و تەکنۆلۆژیای سەردەمدا بدۆزێتەوە؟!

لێرەدا سەیرووەرەی جیاوازی و تاکخوازی دەبێتە خاڵی لاوازی بەرپرسیاریەتی و بەکاربردنی زمانی هاوبەش، چیرۆکی بەرپرسیاریەتی و تەکنۆلۆژیای بەکاربردن بەوە تۆمەتبار دەکات کە فۆرمخوازی سەردەم یان ترێند (هۆشیاریی گشتی) لە خۆنماییکردن زێتر شتێکی دیکە نییە... بەمجۆرەش بازاڕی خۆنماییکردن چەمکی جیاوازیی زمانی تاکی سەرکێش دەخاتە چوارچێوەی ناپاکییەوە، هەمیشە عەقڵییەتی باو، هۆشیاریی گشتی، چیرۆکی بەرپرسیاریەتی ... چەمکی جیاوازی و تاکخوازی پەراوێز و سەرکوت دەکات! دەمەوێ بڵێم هەندێک جار (دەسەڵاتی زاڵ) جیاوازی و تاکخوازی وەها پیشان دەدات، کە پێشێلکردنی پێشکەوتن و بەرپرسیاریەتییە؛ بەو مانایەش ڕامانی قووڵ لەبەرانبەر خێرایی بڵاوبوونەوە، داهێنان لەبەرانبەر سەرگەرمی، نەرێنی لەبەرانبەر ئەرێنی... بە شێواندنی ئاسایش و ئازادیی لێکدەداتەوە؛ ئەگەرچی کردەی جیاوازیی زمانی تاکی سەرکێش لە هەنگاوهەڵگرتن بەرەو داهێناندا هەمیشە چەمکی بەرپرسیاریەتی و ترێند وەک ئامراز دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

خاڵێکی دیکەی نەرێنی و هۆشیاریی ڕەخنەیی ئەوەیە کە زمان و شێوازی نووسینی جیاواز نامۆیی دەخاتەوە؛ بێگومان زمانی نامۆ و جیاواز هاوشێوەی ژیانی خەڵك نییە، بەڵام هەڵبژاردنی مرۆڤەکان دەگۆڕێ؛ هەندێک جاریش ناکۆکی تاگەرایی دەخاتەوە (تۆ لە یەك کاتدا ئازادی و بەرپرسیاریەتی وەک دوو بیرۆکەی دژ بەیەك هەڵدەگریت، دەشزانی هەردووکیان وەک ئەرێنی و نەرێنی یەك ئەوی دی لاواز دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕ بە هەردووکیان دەکەیت و لۆژیکی دژ بە لۆژیك بەکار دەهێنیت.) ئەمە وای کردووە چەمکی جیاوازی سەر بە ئازادی بێ و چەمکی سەرگەرمی سەر بە  توانای ترێند، چەمکی داهێنان سەر بە بوێری و

سەرکێشی بێ و چەمکی بەرپرسیارێتی سەر بە تێڕوانینی هاوبەشی نێو کۆمەڵگا، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە...هەر بەو مانایە پێشکەوتن لە جیاوازیدایە.

لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە، پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا (جێ پەنجەی نامۆیی- جێ پەنجەی نەرێنی) لە وێنەی خێرای ترێنددا- لە وێنەی بەربڵاوی ئەرێنیدا بەشێوەیەکی تەواو پێشکەش کراوە؟! چەمکی پێشکەوتن لە جیاوازیدایە و هەوڵ دەدات ڕوونی بکاتەوە کە ئازادی سنووری دیاریکراوی نییە؛ ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە جیاوازی لە قۆناغی دواتردا بەرەو بەرپرسیارێتی بگوازێتەوە و بە جۆرێکی دیکە گرنگی بە پەیوەندیی نێوان قووڵایی و خێرایی بدات! بێگومان لە هەموو ئەم ڕەخنانەشدا، ناتوانرێت گرنگی و کاریگەریی زمانی جیاواز لەبەرانبەر ئازادی، سەرکێشی لەبەرانبەر داهێنان، نەرێنی لەبەرانبەر ئەرێنی بچووک بکرێتەوە؛ چونکە ئەوە سەیرووڕەی جیاوازییە ڕێگایەکی نوێی کردۆتەوە بۆ تێگەیشتن لە ئازادیی زمان و سەرکێشییەکانی تاکی داهێنەر و ڕەخنەکارییەوە، ئەگەرچی زۆر جار زمانی جیاواز و سەرکێشییەکان و ڕەخنەکاریی بۆ شێواندنی ڕەهەندەکانی ئاسایش و ئازادی بەکارهاتووە؟!.

قسەی کۆتایی ئەوەیە: جیاوازیی زمانی تاکی سەرکێش، تێگەیشتنێکە هەم توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەیە و هەم دەستپێشخەری و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو داهێنان- سەیرووڕە. سەیرووڕەی داهێنان لە دەستپێشخەری و هەنگاوهەڵگرتندا گوزارشت لە ئازادی و بیرکردنەوەی قووڵ و زمانی تاکی جیاوازدا دەکات. لەوێوە ڕەخنەی توند لە جووڵەی گشتیی بیرکردنەوە، هەڵسوکەوت یان تێڕوانینی باوی نێو کۆمەڵگا و چیرۆکی بەرپرسیاریەتی و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ترسی ناوەکی دەگرێت!. ترسی ناوەکی لەوەدایە کە لەپێناو داهێنان و چرکەساتە دەرەکییەکاندا مانای ئازادی و ئاسایش و بەرپرسیاریەتیی ناوەکی کەمڕەنگ دەکات؛ بەڵام لە کۆی گشتیدا (هەنگاوهەڵگرتن بەرەو داهێنان و جیاوازی) بە یەکێک لە بنەماترین تێگەیشتنەکانی ئازادی و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەژمێردرێت.

## (3)

## (هاوڕێیەتی ڤیساگۆرسی)

### پرسی مرۆڤ/ چارەی تەکنۆلۆژی

هاوڕێیەتی ڤیساگۆرسی بیرۆکەیەکی فەلسەفییە کە بۆ فیساگۆرس و قوتابخانەکەی دەگەڕێتەوە؛ بەڵام دەشێ لەڕێگای واتای سادەی ئەو بیرۆکەیە بشێ (پرسی مرۆڤ/ چارەی تەکنۆلۆژی) لە چەمکی (هونەری پێکەوەژیان) و (جیاوازییەکان)دا بخەملێنین و بڵێین هونەری پێکەوەژیان، هاوڕێیەتی ڤیساگۆرسی پێکهاتووە لە ئاگایی و نائاگایی، جیاوازییەکانی (پرسی مرۆڤ/ چارەی تەکنۆلۆژی) نەك بەرژەوەندیی هاوبەش و پەیوەندییە ئەرێنییەکان.

پرسی مرۆڤ یان ناوەوەی مرۆڤ، گوزارشت لە (هەست و خەیاڵ و ماناکانی ئازادی) لەڕێگای (جوانیی زمان و قووڵی مانا)ی ئەدەبی دەکات و چارەی تەکنۆلۆژی وەك (زانست، لۆژیک، تاقیکردنەوە) لەڕێگای (لۆژیك و خێرایی) بە تەکنۆلۆیای دیجیتاڵییەوە پەیوەستە. جیاوازییەکانی هەموو ئەوانەش تەنها لەسەر هاوبەشبوونی نێوان ئاگایی و نائاگایی، قەڵەم و کۆد، داهێنانی مرۆیی و داهێنانی ئامێری... نەوەستاوە، بەڵکە لە گۆڕینی دنیابینی و ئاگایی مرۆڤ، ڕێکخستنی ژینگە و گۆڕینی ژیاندا خۆی دەدۆزێتەوە و لە هونەری پێکەوەژیاندا دەخەملێت.

### گۆڕینی ئاگایی مرۆڤ/ گۆڕینی ئامرازەکانی ژیان

هەرگیز مرۆڤ ئاگایی وەك پێویست خۆش ناوێت! ئەوەی هەمیشە بەکێشی دەکات ئامرازەکانی ژیانە؛ ئەوەی زێتر بەکێشی دەکات هەڵاتنە لە قەڵەم... بێگومان (ئاگایی) و (نائاگایی) داهێنانێکی مەزنە، بەڵام بەبڕوای من بەر لەوەی مرۆڤ لە ژیان تێکبشکێ، کەمێ بیر لە زێدەچڕی نائاگایی و کۆد و ئامێر بکاتەوە و هەوڵی هونەری پێکەوەیی بدات. ئاگایی و داهێنانی مرۆیی ژیان بەڕێوەی نابات؛ ژیان بە داهێنانی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی جوانتر و زێتر چێژبەخشە. گەڕانی مرۆڤ بۆ داهێنانی ئاگایی لەبەر هەتاو دەستی پێ کرد، بە تاریکی و نائاگایی ژیان کۆتایی

دێت! مرۆڤ هەمیشە بە تەنیا دەمرێت؛ بەڵام ژیان نەمری ڕەنگ دەکات؛ تەکنۆلۆژیا هەموو شتێ قووت دەدات و دووبارە خەون بە مرۆڤێکی دیکەی جیاوازەوە دەبینێتەوە.

ئەمڕۆ مرۆڤی خەونبین لە خێرایی تەکنۆلۆژیا دەپاڕێتەوە: لەیادم مەکە! ئاگایی دەوری مرۆڤی داوە، بەڵام ژیان خەون بە نائاگاییەوە دەبینێ؛ ڕەنگە خەونبینینی مرۆڤ خەونبینینی تەکنۆلۆژیا نەبێ؛ بەڵام بەگشتی لە ژیاندا پرشنگی داهێنانی ڕاستەقینەی مرۆیی لە هاوگونجانی ئاگایی و نائاگاییدا دەردەکەوێت! نەك لە پەڕگیری و بەرژەوەندیی تاکلایەنانەدا. دەمەوێ بڵێم هەڵاتنی مرۆڤ لە ئاگایی مەترسیدارە؛ وەك چۆن ژیانی دڵنیایی تەکنۆلۆژی مەترسیدارە؛ پەیوەستبوونی مرۆڤ بە دۆزینەوەی مانای ئەدەبی و نائاگایی ئەدەبی مەترسیدارە، وەك چۆن پەیوەستبوونی بە چڕی ژیانی تەکنۆلۆژیا و توانای دیجیتاڵییەوە مەترسیدارە!

کەواتە دووبارە گەڕان بە دوای مانا و نائاگایی لەبری ڕەگوڕیشە بۆ گەڕان بەدوای توانا و چڕی لەبری زێدەچڕی لە سەیرووره‌ی داهێنانە جیاوازەکانی مرۆیی بەدەر نییە، لەوێوە گومانی تاکڕەهەند لە دڵنیایی داهێنانی ئەدەبی و گومانی تاکڕەهەند لە ترسی داهێنانی تەکنۆلۆژی دیجیتاڵی ئاوێتەی گومانە گەورەکەی سەیرووره‌ی داهێنانە جیاوازەکانی مرۆیی دەبن؛ چونکە ئەگەرچی مرۆڤی خەونبین هەست و خەیاڵ بەڕێوەی دەبات، بەڵام لە دەرەوەی زانست و تاقیکردنەوەدا نییە؛ ئەگەرچی مرۆڤی خەونبین گوزارشت لە مانا و نائاگایی دەکات، بەڵام لە دەرەوەی توانا و هێزدا نییە؛ ئەگەرچی مرۆڤی خەونبین جوانی زمان و قووڵی مانا بەرجەستە دەکات، بەڵام لە دەرەوەی کارامەیی و خێرایی و لۆژیکدا نییە.

بەگشتی سەیوروره‌ی داهێنانە جیاوازەکانی مرۆیی، بەرهەمی هاوگونجان و هاوبەشی نێوان ئەو دوو بیرۆکەیەیە، نەك پەڕگیری! ژیان پێماندەڵێ سەیرووره‌ی داهێنانی ڕاستەقینە لە داهێنانی هونەری پێکەوەژیان و جیاوازییەکان و ڕێکخستنی ژینگە و گۆڕینی ژیاندایە؛ مرۆڤ دەبێ لەگەڵ دوژمنی ڕاستەقینە: کات، پیری، مردن بجەنگێت؛ بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە ناچار نەبێت خەفەت بۆ ڕابردوو بخوات!.

## هیچ جێیەك

(هەناسەیەك كە هەڵیدەمژین، هەمیشە لەوە ساردترە كە دەیدەینەوە؟) گومانی مرۆڤ هەندێ جار عاقڵانییە، بەڵام دەبێ هەموو بەدگومانییەك وەلابنێت، لێگەڕێ دەست لە نەرێنییەكان بدرێن، لێگەڕێ هەناسەكان ئازاد بن؛ چونكە تەنیا یەك ڕێگا بوونی نییە، واقیعییەتی بەرز و باڵا ئەوەیە كە هەر كەسێ ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە.

كەواتە (چڕی) بۆ لادانانی پەردەی فریوی مانا ڕێگایەكە، وەك چۆن چڕی كارامەیی ڕێگایەكە، بەڵام ژیان لەوە زێترە كە مرۆڤ بتوانێ لە ئاگایی و نائاگاییدا وێنای بكاتەوە. ئایا كێشەی مرۆڤ لەوەدایە خەیاڵی لەبری كارامەیی، چڕی لەبری مانا قسان بكات؟! دەبێ لە دەستدان لە خاوەنداری ئەولاتر بێ. ئەگەر خەیاڵ بخەینە لاوە چی لە ئازادی دەمێنێتەوە، ئەگەر خێرایی وەلا بنێنێین چی لە چڕی دەمێنێتەوە.

هاوژیانی و بەیەكەوەگونجان و قبوڵكردنی جیاوازییەكان هەموو جێگایەكی (بۆ مانەوە و نەمانەوە) تێپەڕاندووە: چڕی بێ ئەندازە بەرەو داهاتووی بێ خەیاڵ باڵ دەگرێ، لەبەرانبەردا ترسی تەنیایی و مردن جێگایەك پڕ دەكاتەوە؛ لە پێناو مانەوەی ئەو جێگایە نابێ واز لە ئازادی بهێنین، چونكە بەبێ خێرایی و كارامەیی و ئازادی ناژین؛ بەبێ قبوڵكردنی گۆڕان و سەیروورە و جیاوازیی داهێنان مەحاڵە. ژیان جیاوازییە، جیاوازی دوژمنی مرۆڤ نییە؛ ژیان دەركردنی نائاگایی نییە لە ئاگایی، وەك چۆن دەركردنی قەڵەم نییە لە كیبۆرد، خەیاڵ لە خێرایی، مانا لە چڕی... بە پێچەوانەشەوە!

بێ جێگایی مرۆڤ (مرۆڤی تەكنۆلۆژی) دەنگێكی هەیە، بەڵام ئازادی نییە! خەفەتخواردن بۆ ڕابردوو دەنگێكی هەیە، بەڵام سەیرووەرەی ژیان نییە؛ ژیان پارادۆكسێكە! ئەمڕۆ تەنیایی لەنێو تەنیاییدایە؛ مردن لەنێو مردندا... ژیان دوژمنی مرۆڤ نییە؛ دنیابینییە، مانای ئامادە نییە، ئەخلاقی گەل نییە؛ ژیان ترسی مردن دادەخات! ترسی تەنیایی و مردن جێگا دەگرێت، بەڵام ئازادیی ژیان نابێت قوربانیی جێگا بێت؛ هەمیشە ئازادی لە قبوڵكردنی گۆڕان و سەیروورە و جیاوازیدایە. ئەگەر خێرایی، ئازادی بێ خەیاڵ بێت، ژیان بێ داهێنانە! نائاگایی لە ئاگایی نابێتەوە، وەك چۆن قەڵەم لە كیبۆرد؛ بە مانایەكی دیكە ئازادی تەنها هەست نییە، پرۆسەیە؛ ژیان تاقیكردنەوەیەكی كورت و خێرای مرۆڤە، نە ئەخلاقی گەلە، نە مانای كۆتایی، نە

خەفەتخواردن بۆ ڕابردوو. ژیان دادگای مرۆڤ نییە: جێگایە، کارگەیە، تاقیگەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ پێیدا تێپەڕێت.

## ئازادی ئازادی

ئازادی ئەو توانایەیە کە بتوانیت تەنانەت بە ئارەزووەکانی خۆیشت بڵێیت: نەخێر. ئازادی بریتییە لە تێگەیشتنی ئەو هێزانەی کە هەڵبژاردنەکانمان درووست دەکەن. (سلاڤۆی ژیژەك) بە شێوەیەکی ڕەخنەیی سەیری ئازادی دەکات و پێیوایە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی سیستەم بە ڕەوای دەبینێ و بە ئازادی بە ئێمەی دەفرۆشێتەوە و پێمان دەڵێت: (هەر شتێك دەتەوێت هەڵبیژێرە: کاڵا، شێوازی ژیان...) دیاریکراون و بریتین لە هەڵبژاردنی نێوان هەندێك لە هەڵبژاردنە ئامادەکان و هەرگیز ئازادیی ڕاستەقینە نین؛ چونکە ئازادیی ڕاستەقینە برتییە لە تێپەڕاندنی سنووورە دیارەکان! ئازادیی ڕاستەقینە ئەوەیە بەپێی ئارەزووەکانی خۆمان بژین و بتوانین چوارچێوەی بیرکردنەوە دیاریکراوەکانی سیستەم تێکبشکێنین، نەك ئارەزووی سیستەم سنوورەکانی ژیانمان بکێشێت!.

مرۆڤی ئازاد و سەرکێش و بوێر مرۆڤی داهێنەرە؛ بەو مانایەش ئازادی هەمیشە جووڵە و گۆڕان و سەیروورەیە؛ سەرکێشی و بوێری جووڵەی مرۆڤ و هێزی ژیانەوەیە؛ مرۆڤی بێ جووڵە شتێکی تەواو نییە، ژیان هێشتا نەنووسراوەتەوە. ئازادی هەر تۆتۆلۆژیای ئازادی نییە، بەڵکە تێگەیشتنە لە سنووورە دیار و نادیارەکان، لە جووڵە و بەرپرسیارێتییەکان. مرۆڤ شتێکی تەواو نییە، پردێکە لەنێوان ئەوەی ئێستا هەیە و ئەوەی دەتوانێت ببێت، ئەوەی نووسراوە و ئەوەی خۆی دەینووسێت. مرۆڤ ناسنامەیەکی قەدەغەکراو نییە؛ بەڵام هەموو ئازادییە ئامادەکراوەکانی سیستەم، هەموو ئازادییە ڕێکخراوەکان هێزی قەدەغەکردنیان لەخۆدا حەشار داوە. مرۆڤ جووڵەیە، بوونێکی بەردەوامە. ژیان داخراو نییە، ژیان ڕەگەتۆڕێکی دۆلۆزییە! مەپرسە کێیت، بپرسە بە کوێدا دەڕۆیت، مەپرسە چەندی، چونکە دەتوانیت زێتر بیت؛ ژیان بەردەوام بوونە بە.

(ژیان کورتە) نەك بەو مانایەی کە (یۆستاین گاردەر) لە نامەی دانپێدانانەکەی (قەشە ئۆگۆستین)ەوە وەك گێڕانەوە دایهێناوە و لەڕێگای گێڕانەوەکانی (فلۆریا)ی هاوژینی ناشەرعی

(ئۆگۆستین)ەوە دووبارەی دەکاتەوە. ژیان کورتە، نەك بە مانای خێرایی کات، نەك بەمانای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بەڵکوو بەو مانایەیە کە پێویستە بە ئاگایی و نائاگاییەوە بژین! ژیان کورتە، نەك بەو مانایەی بترسین، بەڵکە بۆ ئەوەی تێبگەین کە هەر ساتێك نرخی خۆی هەیە. ژیان کورتە، بەڵام سەیرووڕەی بوون بێ کۆتاییە، ڕایەڵەکانی بوون بێ کۆتاییە، بەڵام بێ جیاوازی نییە.

## مردن مردن

(ئیڤان کارامازۆڤ) لە ڕۆمانی (براکان کارامازۆڤ)ی (دیستۆڤسکی)دا دەڵێ (ئەگەر خودا نەبێت، هەموو شت ڕێگا پێدراوە.) ئەو قسەیەی ئیڤان بەشێکی گەورەی پرسیارکردن، گومان، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەو مانایەی کە ترس لە مردن لە سێبەری ژیاندایە، بەدیوەکەی دیکەش سەرکێشی داهێنان لە ڕۆشنایی بوێریدایە. لێرەدا مرۆڤ بێ سێبەر نییە، هەمیشە دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی ژیان!.

لەنێوان پرسی مرۆڤ و چارەی تەکنۆلۆژییدا، ئازادیی یەکەم و ئازادیی دووەمدا، ترس و سەرکێشی، ترس و بوێریدا، قەڵەم و کیبۆرددا؛ لەنێوان ناسینی ژیان لەناوەوەی ژیان (هەست، ئەزموون) و ناسینی ژیان لە دەرەوەی ژیان (پێوانە، کارامەیی)؛ لەنێوان گومانی پرسیارکردن، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و سەرکێشی و بوێری و زیندوێتی تاقیکردنەوە و سەلماندندا؛ لەنێوان هەڵوەشاندن لەلایەك و ڕێکخستن لەلایەکی دیکەوە، پرسیار ئەوەیە: ئایا دەشێ مرۆڤ بە جەستە زیندوو بێ و بە ڕۆح مردوو بێ؟!

بێگومان مرۆڤی هەڵوەشاوە بۆ خۆپارێزی ملکەچی یاسا، باوەڕ و ئەخلاقی کۆن دەبێت. مرۆڤی ملکەچ، پووچ، بێ هێز، بێ بوێری... لەنێو ژیانی تەکنۆلۆژیاشدا مردووە!. کەواتە مەرج نییە هێز و سەرکێشی و بوێری لە زێدەژیان، زێدەکار، زێدەچڕیدا بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بشێ شوێنی خەیاڵی زمان و قووڵی مانا وهەستەکان پڕ بکاتەوە. لەپێناو دیکتاتۆریەتی ئەرێنیدا دەنگی کەمینەی نەرێنی کپ بکەین؛ تاوان بە ناوی ڕاستی ڕەها و ئازادیی ڕەهاوە بکەین.

لە ڕۆمانی (ژیان کورتە) بە تەرجەمەی (ڕێبوار سیوەیلی) پاڵەوانی چیرۆکەکە (فلۆریا) پێیوایە قەشە ئۆگستین لە نامەی دانپێدانانەکانیدا مەرج نییە ئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕاستی ڕەها بێ و

ئەوەی ناگێڕێتەوە دوور بێ لە ڕاستی، فلۆریا لە وەڵامی نامەکەی ئۆگستین (بە خەیاڵی ڕۆماننووس یۆستاین گاردەر) بڕیار دەدا نامەیەك بۆ ئۆگستین بنووسێت، لە نامەی نووسراوی فلۆریا بۆ قەشە ئۆگستین ئەوە بیر دەخاتەوە کە چۆن ئۆگستین لە پێناوی عەشقی مەجازی خودایی دەست لە عەشقی ڕاستەقینە و نموونەیی مرۆڤ هەڵدەگرێ و بە ئەوینێکی گوناهکارانە و هەستەوەرانەی دەبینێ، بە پاساوی ئەوەی کە یەزدان لەسەرووی هەموو شتێکەوە خوازیاری ژیانێکی پاکیزانەیە. بەڵام ئەوەی بەلای فلۆریاوە حەقیقەتە: درۆکردنە، نەگێڕانەوەیە! بەو مانایەش جەنگی گێڕانەوە و نەگێڕانەوە لەوپەڕییدایە و فلۆریا دەنووسێت: ئەی بێوەفا، ئایا ئەوە خیانەتێکی ڕەها نییە کە خۆشەویستەکەت لەپێناوی بەخشندەیی یەزداندا جێبهێڵی؟! من بڕوا بە خودایەك ناکەم کە ژیانی ئافرەتێ دەخاتە سارایێ لەپێناو ئەوەی کە گوناهەکانی پیاوێ ببەخشێت.

مرۆڤی چواچێوە بۆ دارێژراو لەنێو ژیاندا مردووە؛ ژیان هەمیشە سەیروورە و جیاوازی و گۆڕانکارییەکان بەڕێوەی دەبەن؛ هەمیشە خەیاڵی داهێنانی مرۆڤ، خەیاڵی زمان و مەعریفە و کارامەیی و چڕی تەکنۆلۆژیا هەڵیدەسوڕێنێ، هەرگیز ژیان بێ خەون و خەیاڵ باڵ ناگرێ، ئەگەرچی پێشکەوتن بەنێو تاقیکردنەوە سەلمێنراوەکاندا دەڕوات؛ بەڵام بێ پرسیارکردن و ڕەخنە و بەدواداچوونی جیاواز ترسناک دەکەوێتەوە.

مردن تۆتۆلۆژیای مردن نییە، بەڵکە سنوورێکە ژیانمان پێدەناسێت، بیرمان دەخاتەوە کە ژیان سنووردارە و هەموو چرکەیەکی مانای خۆی هەیە! زۆرجار مرۆڤ بە جەستە زیندووە، بەڵام بە ڕۆح مردووە؛ مردنی یەکەم لە (مردن لە مردندا) مردنی وزەی ژیانە؛ مردنی دووەم، مردنی جەستەی مرۆڤە. بە کورتی ئەگەر هونەری پێکەوەژیان و هاوڕێیەتی ڤیساگۆرسی نەبێ، پرسی مرۆڤ و چارەی تەکنۆلۆژی فریای جیاوازییەکان ناکەوێت؛ ژیان بریتییە لە تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە بوونی ئەویدیکەی جیاواز. مرۆڤ دەبێت هەمیشە وەکو ئامانج مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەك وەك ئامراز!. کاتێك کۆمەڵگا ئارام دەبێت کە گفتوگۆیەکی ئازاد و بێ لایەن و دوور لە بەرژەوەندی و دوور لە ستەم و زۆرداری هەبێت. لێرەدا هونەری پێکەوەژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان بریتییە لە فێربوونی گوێگرتن، نە تەنها قسەکردن. هونەری پێکەوەژیان ئەوەیە فێرببین چۆن لەگەڵ جیاوازییەکاندا بژین، بێ ئەوەی تایبەتمەندیی خۆمان

ون بکەین. ئازادیی ئۆگستین لە ڕۆمانی ژیان کورتە لەو شوێنەوە کۆتایی دێت کە ئازادیی فلۆریا دەست پێ دەکات.

هەولێر 2026/2/5